# ڕیژیسوری ڕووسی لیڤ دۆدین
# میتود و داهێنان

د. فازڵ جاف

ڕێژیسۆری بەناوبانگی ڕووسیا لیڤ دۆدین Lev Dodin لە شانۆی هاوچەرخی ڕووسیادا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، لە ساڵانی نەوەتەکانەوە دۆدین بە یەکێک لە دەرهێنەرە هەڵکەوتووەکانی ڕووسیا و بەناوبانگترین دەرهێنەرە ڕووسەکانی جیهان دادەنرێت، ئەم دەرهێنەرە پێشەنگە لە شانۆیەکی بچووک و نەناسراوەوە گەیشتە ئەو پلەوپایەی کە لە شاری سانت پترسبۆرگ بەڕێوەبەریی و ڕێبەرایەتیی شانۆی مالی تیاتر بکات. وەک مامۆستای دەرهێنانی شانۆیی لە ئەکادیمیای هونەری شانۆ وزە و توانایی و بەهرەی قوتابیانی شانۆی دەخستە گەڕ. کاری بەردەوام و ماندوویی نەناسانەی ئەم مامۆستا گەورەیە و ویست و ئارەزووی شاگردەکانی، دەرئەنجام ڕەوتێکی تایبەتی لە شانۆی ڕووسی و ئەزموونێکی جیهانیی جیاهەڵکەوتووی لێکەوتەوە، کە ئێستا جێگەیەکی بەرچاوی لە نێو شانۆ ئاڤانگاردەکانی ئەورووپادا داگیرکردووە، تەنانەت پیتەر بروک سەبارەت بە شانۆی مالی گوتی (بەهێزترین گرووپی شانۆی یەکگرتووە لە ئەورووپادا).

لیڤ دۆدین لە ساڵی ١٩٤٤ لە سیبیریا لەدایک بووە، لە منداڵییەوە حەزی لە شانۆ بووە، بەشداری لە نمایشەکانی قوتابخانەکان کردووە، لە تەمەنی گەنجیدا لە ژێر دەستی دەرهێنەری گەورە جۆرجیۆ تۆگستۆنۆگۆڤ لە پەیمانگەی شانۆ و مۆسیقا و سینەمای لێنینگراد خوێندوویەتی (ئێستا: ئەکادیمیای هونەری شانۆیە لە شاری پیتەر بۆرگ)، دوای ئەوەی خوێندنی لە بەشی نواندن و دەرهێنان تەواوکرد، وەک دەرهێنەرێکی سەربەخۆ لە چەندان شانۆی بەناوبانگی سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا کاری کردووە، لەوانە شانۆی هونەری مۆسکۆ و شانۆی مالی.

لیڤ دۆدین لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا کۆمەڵێک نمایشی گرنگی لە شانۆی لاوان لە شاری لێنینگرادا پێشکەش کردووە. لە ساڵی ١٩٨٢ بە یەکجاری دەچێتە شانۆی مالی تیاتر و وەک ڕێژیسۆری یەکەمی ئەو شانۆ گرنگە دەست بەکار دەبێ، ئەوەندەش

ناخایەنێ دەبێت بە بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە، هاوکات وەک مامۆستای نواندن و دەرهێنان لە ئەکادیمیا هونەری شانۆدا بەردەوام بوو.

پلانی لێڤ دۆدین هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوە بوو قوتابییەکانی لە ئەکادیمیای شانۆ لەسەر ئەو شێوازەی خۆی ڕابهێنێت، بەو مەبەستەی دواجار تیپێکی شانۆیی پتەویان لێ دروست بکات، تیپێک کە لەسەر میتودێکی شانۆیی، لە تیپەکانی مۆسکۆ و لێنینگرادی ئەو سەردەمە جیاواز بێ. تیپەکە کە زۆربەی ئەکتەرەکانی بریتی بوون لە شاگردەکانی دۆدین، هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندێتی و جیاوازی خۆی سەلماند، سەلماندی کە بە بەراورد لەگەڵ هەموو تیپەکانی دی، خاوەنی زمانێکی شانۆیی جیاوازە، نمایشەکانی مالی تیاتر هەر زوو، لە هەشتاکانەوە، سەرەڕای تەنگوچەڵەمەی بیرۆکراتییانە و سانسۆری توندی سەردەمی سۆڤیەت، لە سەر ئاستی بینەران و ڕەخنەگران سەرکەوتنی بەدەست هێنا، پاش پیریسترۆیکا شانۆی مالی تیاتر دەرگای جیهانیبوونی بەڕوودا کرایەوە، ئەو سنوورانەی بەزاند کە لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا بەسەر شانۆکاندا سەپێنرابوون، ئەوەبوو دەستی بە گەشتکردن کرد بۆ دەرەوەی ڕووسیا، بۆ ئەم مەبەستەش ناویان لێ نا (شانۆی ئەورووپی- مالی تیاتر).

ئەکتەرەکانی لێڤ دۆدین تا بڵێی لێهاتوو و بە سەلیقەن، لە ڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە گەلێ تایبەتن، بەشبەحاڵی خۆم کە هەر لەو ئەکادیمیایەدا قوتابی دوکتۆرا بووم، لە نزیکەوە ئاگاداری مەشق و ڕاهێنان و نمایشەکانی دۆدین بووم. ئەکتەرەکانی دۆدین شەو و ڕۆژ لە ڕاهیناندا بوون، ئاستی خۆڕاگری و دیسپلینیان، ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە



**لێڤ دۆدین**

هیچ ئەکادیمیایەک لە ئەکادیمیاکانی ئەورووپادا وێنەی نەبوو. قوتابییەکانی دۆدین، وەک مەرجی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتن لە ئەکادیمیا دەبێ لە ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا کارامە بن، دەبێ توانایی جەستەییان باش بێت، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام ڕاهێنانیان لەسەر ئەکرۆباتیک و سەما دەکرد. لە بواری دەنگ و نمایشدا، دۆدین سوودی لە ئەزموونی باشترین پرۆفیسۆرەکانی دەنگ و دەمودوو وەردەگرت، بە سەرۆکایەتی ڕاهێنەر و پەروەردەکاری گەورە پرۆفیسۆر ڤالێری گلیندیێڤ، پرۆفیسۆری دەنگ و دیکشن لە هەمان ئەکادیمیادا، کە وەک یاریدەدەری دۆدین لە شانۆی مالی تیاتر کاری دەکرد.

هەر کەسێک بەدواداچوون بۆ کارەکانی دۆدین بکات، بۆی دەردەکەوێت کە لە بنەچەدا میتودەکەی سەر بە ڕێبازی (ڕیالیزمی دەروونی) (ستانیسلاڤسکی)یە، لە هەمان کاتدا سوود لە ئەزموونە نوێیەکانی شانۆی مۆدێرن، لە نمایشی جەستەیی و بەرجەستەکردنی بینراودا وەردەگرێت.

ڕەنگــە شــانۆنامەی "بــراکان و خوشــکەکان"ی نووســەری ڕووســی فیــۆدۆر ئەبرامــۆڤ کۆنتریــن بەرهەمــی شــانۆی مالــی تیاتــر بێــت، وەک چــۆن لــە ٩ی ئــازاری ١٩٨٥دا بــۆ یەکــەم جــار نمایــش کــرا، پاشــان لــە بەریتانیــا، نەمســا، فەرەنســا، تــا ٢٠١٦ بــەردەوام بــوو، لــە ئەڵمانیــا، ئیتاڵیــا، سویســرا، ســوید، ژاپــۆن، ئەمریــکا، کۆمــاری چیــک، پۆڵەنــدا، ئیســرائیل و بەلجیــکا، نمایــش کــرا، بــەم دوایيــە چووەتــە دەیــەی ســێیەمەوە. کاتێک لـە بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٩٩١ نمایش کرا، شــانۆنامەکە خەڵاتــی باشــترین نمایشــی شــانۆیی بیانــی لــە بەریتانیــا بــۆ هەمــان ســاڵ بەدەســت هێنــا.

ڕەخنەگــران نمایشــی "بــراکان و خوشــکەکان" بــە دەســکەوتێکی هونــەری درەوشــاوەی تێکەڵکردنــی ئۆرگانیکــی ڕێبــازی پەروەردەیــی و ڕێبــازی هونەریــی دەزانــن، تایبەتمەندییــەک کــە بەســەر زۆربــەی بەرهەمەکانــی تیپەکــەدا زاڵــە، پێشکەشــکردنی نمایشــەکانی تیپەکەیــە لــە فیســتیڤاڵە گەورەکانــی وەک فیســتیڤاڵی ئەڤینــۆن و فیســتیڤاڵی ئەدینبــرە، ئــەوە جگــە لــە بەشــداری کردنــی تیپەکــە لــە فیســتیڤاڵی شــانۆی مۆســکۆ کــە بــە خەڵاتــی بەناوبانگــی "ماســکی زێڕیــن" ناســراوە کــە تیپەکــە چەنــدان جــار بەدەســتی هێنــاوە.

## داواکاری لەسەر نمایشەکانی لێڤ دۆدین تا دێ زۆرتر دەبێ

بــۆ نموونــە، پیتــەر بــروک خــۆی لــە ناوەڕاســتی ساڵانی نەوەتەکانی ســەدەی ڕابوردوودا، ســەردانی شــانۆی مالــی تیاتــری کــرد، نووســەری ئــەم وتــارە لــە کۆبوونــەوەی بــروک لەگــەڵ ئەندامانــی شــانۆی مالــی تیاتــر ئامــادە بــوو. دەبــێ ئــەوەش بڵێــم کــە مــن بــە ســادەیی و خاکەڕایــی پیتــەر بــروک سەرســام بــووم، بەتایبەتــی کــە گوتــی: هاتمــە ڕووســیا بــۆ بینینــی نمایشــێکی شــانۆنامەی "بــراکان و خوشــکەکان" لــە دەرهێنانــی لێــڤ دۆدیــن، وەک چــۆن پێشــتر ئــەم نمایشــەم لــە بەریتانیــا بینیبــوو، ئەمــڕۆ بــە تاســەوە هاتــم بــۆ ڕووســیا، زۆر حــەز دەکــەم جارێکــی دی ســەیری بکەمــەوە، تەنانــەت حــەز دەکــەم ســەیری هەمــوو نمایشــەکانی دۆدین بکــەم، بەڕاســتی ڕێژیســۆرێکی گەورەیــە".

لــە ســاڵی ٢٠٠٨ فیســتیڤاڵێکی گــەورە لــە پاریس لــە ژێــر نــاوی فیستیڤاڵی لێــڤ دۆدین ڕێــک خــرا، بەرنامــەی فیســتیڤاڵەکە کــە مانگێکــی تــەواوی خایانــد، دیارتریــن نمایشــەکانی شــانۆی مالــی تیاتــری لەخــۆ گرتبــوو، جگــە لــە وۆرک شــۆپێک و کۆڕێکــی ڕاهێنانــی کــراوە بــۆ نووســەرانی شــانۆ، بــە ســەرۆکایەتی لێــڤ دۆدیــن و خوێندکارەکانــی لــە ئەکادیمیــای هونــەری شــانۆ لــە پیتەربــۆرگ، لــە نێــو ئــەو کارە شــانۆییانەی کــە بەشــدارییان لــە فیســتیڤاڵەکەدا کــرد بریتیــن لــە: "بــراکان و خوشــکەکان"، "ئەهریمەنــەکان"ی دۆستۆیڤســکی، "خاڵــۆ ڤانیــا" و "پلاتۆنــۆڤ"ی ئەنتــۆن چێخــۆڤ.

ئــەم فیســتیڤاڵە لــە لایــەن ملیاردێــری ڕووســی میخائیــل پرۆخــۆرۆڤ، لەدایکبــووی ســاڵی ١٩٦٥، لــە چلەمینــی ڕیزبەنــدی دەوڵەمەندەکانــی جیهــان، پرۆخــۆڤ گەورەتریــن هەنــاردەکاری زێــڕە لــە ڕووســیادا، بەشــداریی لــە پاڵپشــتیکردنی شــانۆی مالــی و شــانۆکانی دیکــەی ڕووســیادا کــرد، جگــە لــەوەی پاڵپشــتی لــە زۆر چالاکیــی ڕۆشــنبیری دەکا. پێویســتە ئامــاژە بــەوەش بکرێــت کــە پشــتیوانی لــە شــانۆ و کولتــوور بەگشــتی، لەلایــەن دەوڵەمەندەکانــەوە نەریتێکــی کۆنــە، ئــەوە بــۆ ســەردەمی دامەزراندنــی شــانۆی هونــەری مۆســکۆ

و شانۆکانی دیکەی مۆسکۆ و پیتەربۆرگ دەگەڕێتەوە. ڕەنگە باشترین نموونەی پاڵپشتی فەرهەنگ لەلایەن دەوڵەمەندەکانی ڕووسیا، پشتیوانی ساڤا تیمۆفیڤیچ مۆرۆزۆڤ، خاوەنی کارگە گەورەکان بێت، بۆ شانۆی ستانیسلاڤسکی (تیپی شانۆی هونەری مۆسکۆ).

### ئەهریمەنەکانی دۆستۆیڤسکی لە گەشتێکی هونەری دووروودرێژدا

شاعیری ڕووسی توتێیڤ زوو گوتوویەتی: ڕووسیا بەرهەمی سروشت و بەرهەمێکی عەقڵانی نییە.

وا دیارە دۆستۆیڤسکی پێش ئەوەی لەساڵی ١٨٦٩ دەست بە نووسینی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی بکات، باوەڕی بەم بۆچوونەی توتێیڤ هێنابێ.

شێتی و گومڕایی و خراپەکاری وا لە کەسەکانی ناو ئەم ڕۆمانە دەکەن پەنا بۆ هەموو جۆرە ڕەوشتێکی چەوت بەرن، تەنانەت خۆشەویستی وەک بەرزترین بەهای مرۆڤایەتی لەم ڕۆمانەدا دەبێت بە سەرچاوەی ڕق و کینەیەکی قێزەون. دەرهێنەر لە ڕوونکردنەوەی کارەکتەرەکاندا، لە پرۆگرامی نمایشەکەدا، سەرنجمان بۆ ئەم خەسڵەتە هاوبەشەی کەسایەتییەکان ڕادەکێشێ.

سەردەمی پیریسترۆیکا لە یەکێتیی سۆڤیەت، خواستی دەرهێنانی ڕۆمانی ئەهریمەنەکان لە ناو دەرهێنەرە گەورەکانی ڕووسدا سەری هەڵدا، دوا دەرهێنەریان دەرهێنەر لێڤ دۆدین بوو کە لە ساڵی ١٩٩١ کاری لەسەر کرد، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەسەر یەکەم نمایشی شانۆنامەکەدا تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا خواست لەسەر نمایشەکە زۆر بەهێزە. لە ڕووی ڕەخنەکانەوە، بۆچوونی ڕەخنەگران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە دەیەکانی ڕابوردوودا نمایشەکەی لێڤ دۆدین پێگەیشتووترین نمایشە.

جێگەی سەرنجە کە نووسەری فەرەنسایی ئەلبێرت کامو ئەم ڕۆمانەی بۆ شانۆ ئامادە کردووە، ئەمەش بەهۆی خولیای (کامو)وەوە بوو بۆ کارەکتەری ستاڤرۆژین، هەروەها لەبەر ئەوەی کەشوهەوای ڕۆمانی ئەهریمەنەکان هاوشێوەی کەشوهەوای شانۆنامەی "دادپەروەرەکان"ی کامون کە ئەوانیش ئەندامانی ڕێکخراوێکی ئەنارکیستن.

ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە شارێکی بچووکی ڕووسیادا ڕوودەدەن و زۆربەی پاڵەوانەکانیش لە ئەرستۆکراتەکانن، ئامانجی دۆستۆیڤسکی لە نووسینی ڕۆمانەکە تۆمارکردنی کرۆنۆلۆژیای دڕندەترین تاوانەکانی ئەو سەردەمە بوو، کە قۆناغێکی لەبار بوو بۆ سەرهەڵدانەوەی بیرۆکەی نیهیلیستیزم (عەدەمییەت). نووسەر لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەیدا کە ئەندامی ڕێکخراوێکی ئەنارکیستین، هەموو ئەدگارێکی خراپ و تاوان و خراپەکارییەک بەرجەستە دەکا. ئەوان ئەهریمەنگەلێکی نیهیلیستن. کوشتنی شاتۆڤ، یەکێک لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە، بەرجەستەکردنێکی ڕوون و ئاشکرای توندڕەوی و دڕندەییە. لە ڕوانگەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە ڕشتنی خوێنی شاتۆڤ، تاکە ڕێگایە بۆ یەکگرتن و یەکگرتنەوە. ڕێکخراوەکە هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی نیکۆلای ستاڤرۆژین بکات بە سیمبۆل و هێمایەکی مەزن تاکوو کەسانی تر بیپەرستن، ئەوان باوەڕیان وایە ڕێکخراوە سیاسییەکە بە خێرایی دەڕووخێت، ئەگەر ئەندامەکانی ملکەچی ئەم هێما دەستکردە نەبن.

سەبارەت بە دەرهێنانی شانۆنامەکە، ڕەخنەگرێک نووسیویەتی، ئەو دەرهێنەرانەی ئەم ڕۆمانەیان بۆ شانۆ دەرهێناوە، هەمیشە لەوە دەترسان

بەر ئەم خاڵە بکەون، کە بۆ تێزە قووڵەکەی دۆستۆیڤسکی خاڵی بیرۆکەیەکی بنچینەییە.

سەبارەت بەوەی کە نمایشەکە ١٠ کاتژمێری دەخایاند، ڕەخنەگران چ لە ڕووسیا و چ لە دەرەوەی ڕووسیادا، بە پێگەیشتووترین و ڕاستگۆترین بەرجەستەکردنی ڕۆمانەکەی دادەنێن. نمایشەکە لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەدا بە سێ نمایش لە ماوەی یەک ڕۆژدا پێشکەش دەکرا: نمایشی یەکەم کاتژمێر دوانزە، نمایشی دووەم کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ، نمایشی سێیەمیش کاتژمێر حەوتی ئێوارە.

سەبارەت بە هونەری دەرهێنان دۆدین پشت بە بەکارهێنانی کەرەستەی بیناو و ئامرازی جەستەیی و دەروونی دەبەستێت، بۆ بەدیهێنانی ئەم شێوازە، دیزاینەر ئەلێکساندەر کێچیرکین (پرۆفیسۆری سینۆگرافی لە ئەکادیمیای هونەری شانۆ) پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ زۆربەی نمایشەکانی دۆدین.

لە ئەهریمەنەکاندا کێچیرکین جیهانێکی ئاڵۆز بەرجەستە دەکات کە وێنەی کێشەی سەخت و قەیران و دڵەڕاوکێ دەبەخشێ، ئەمەش لە زۆربەی دیمەنەکاندا ئیلهامبەخشە بۆ دڵەڕاوکێ، لە هەمان کاتدا جیهانێکی دینامیکە و بەردەوام لە گۆڕاندایە. تابلۆی گشتی دیمەنەکە ئامێرێکی گەورەی ڕووت و درشتە کە لە تەراس و ڕووبەرە جووڵاوەکاندا پێک هاتووە، جیهانێکە لەگەڵ شیکاری ئیستێتیکی میخائیل باختین بۆ ڕەهەندی فەزایی لە ڕۆمانەکانی (دۆستۆیڤسکی)دا یەکانگیرە، باختین دەڵێت شوێن لە ڕۆمانەکانی (دۆستۆیڤسکی)دا گرژ و ئاڵۆز و قەیراناوییە، زۆربەی شوێنەکان لە ڕۆمانەکانی (دۆستۆێڤسکی)دا گوزارە لە سەقامگیری و بەردەوامی و دڵنیایی ناکات وەک ژووری نووستن، یان ژووری میوان، بەڵکوو زۆر جار وەسفی شوێنێکی دەکات کە ئارامی نابەخشێ، وەک: لە نێوان دوو دەرگادا، یان لەسەر پلیکانەکاندا، لە ژێرزەمیندا... تاد، بەم پێیە تێگەیشتنی سینۆگرافەر، هونەرمەند ئێدوارد کیچیرکین لە شوێنی ڕۆمانی ئەهریمەنەکان، تێگەیشتنێکی زۆر نزیکە لە چەمکی (باختین)ـەوە.

لە کۆتاییدا دوو شت هەن کە لە دەرهێنانی دۆدیندا سەرنج ڕادەکێشن: یەکەمیان ئەوەیە کە کارەکتەری کیرلێف تا ڕادەیەکی زۆر کارەکتەری مایاکۆڤسکی شاعیرمان بیردەخاتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی سروشت و چارەنووسی هاوبەشی "خۆکوشتن"ـەوە، ئەمەش شتێکە کە (پاستێرناک)ی شاعیر، بەر لە هەموو کەسێک تێبینی کردووە، هەر دوای خوێندنەوەی ئەهریمەنەکان گوتوویەتی: مایاکۆڤسکی یەکێکە لە پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی.

دووەمیان ئەوەیە کە دۆدین بەکارهێنانی پلیکانەیەکی درێژ بەرەو ئاسمان پەنای بۆ بردووە، کە کچێکی گەنج لە کۆتایی هەر نمایشێکدا سەردەکەوێت. لێرەدا هێما لە شاعیر ئەلیکساندەر بلۆک وەرگیراوە کە دەڵێت: منداڵی یاریزان ڕوحە. ڕەنگە مەبەستی بلۆک ئەوە بێ کە منداڵ کاتێک یاری دەکات، ڕوحی بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ.